# پرسیارە بنەڕەتییەکان

جان بلنکارد

EP BOOKS
1st Floor Venture House, 5&6 Silver Court, Watchmead, Welwyn Garden City, AL7 1TS United Kingdom
sales@epbooks.org
www.epbooks.org
In the USA, EP Books are distributed by:
JPL Fulfillment LLC, 3741 Linden Ave. S.E. Wyoming, MI 49548
sales@jplfulfillment.com
© Evangelical Press 2014
ISBN 978-0-85234-984-7
British Library Cataloguing-in-Publication Data available
This booklet is also published in various languages, although the format may vary. Please contact EP Books directly with all enquiries.
لێگێرانەوە لە پەرتووکی پیرۆز، لە وەرگێڕدراوەکانی هەزارەی نوێ وەرگیراون.
2:30-
2+2



ژیان پڕە لە پرسیار. هەندێك لەو پرسیارانە لاوەکی و هەندێکی تریشیان گرنگترن و بەشێکیشیان بەڕاستی و لەڕادەبەدەر گرنگن.

لەوانەیە تەنانەت لە کاتی خوێندنەوەی ئەو ڕستانەشدا، هەندێك پرسیارتان سەبارەت بە تەندروستی، دۆخی ئابووری، پیشە، خێزانەکانتان و وە سەبارەت بە داهاتووشتان لەلا دروسببێت.

بەڵام گرنگترین و بنەڕەتیترین پرسیارەکان ئەوانەن کە سەبارەت خودا و پەیوەندی خودا لەگەڵ ئێوەیە. هیچ شتێک لە ژیاندا لەمە گرنگترنیە. تەندروستی باش، جێگیربوونی بارای دارایی، کار و پیشەیەکی مسۆگەر، ژیانێکی خێزانی ئاسودە و داهاتوویەکی هیوابەخش، ئەمانە هەموو ئەو شتانەن کە خەڵک دەیانەوێت. بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا، تا کاتێك پەیوەندییەکی زیندووتان لەگەڵ خودادا نەبێت کە ڕوون و ئاشکرابێت و بۆ هەمیشە بمێنێتەوە، سەرجەم ئەو شتانە کاتین و لە ئەنجامیشدا بێواتان.

لەو لاپەڕانەی کە دادێت بۆتان دەردەکەوێت کە بۆچی پەیوەندییەکی لەو چەشنە هێندە پێویستە و وە چۆن چۆنیش دەشێت بەدیبهێبرێت.

ئەو پرسیارانەی کە دێنەئاراوە، گرنگترین و جیدیترین پرسیارگەلێکن کە هەر کەس لەوانەیە بیانپرسێت. هەموو کەسێک پێویستی بە وەڵامی ئەو پرسیارانە هەیە.

تکایە ئەو لاپەڕانە بە تەواوی و بە سەرنجەوە بخوێننەرەوە و ئەگەر پێویست بوو، زیاتر لە جارێک بیخوێننەوە.

ناتوانن هەروا بە ساکاری خۆتان لە پەیامەکەی لابدەن.



## ئایا کەس لەوێ هەیە؟

ئەمە پرسیارە بنەڕەتیەکەیە. ئەگەر خودا بوونی نەبوایە، کەواتە گەڕان بەدوای خودادا بێکەڵک دەبوو: *چونکە ئەوەی لە خودا نزیکبێتەوە، دەبێ باوەڕی بە بوونی ئەو هەبێت.*[1] سەرەڕای ئەوەی کە سەلماندنی بوونی خودا لە ڕووی فیزیکی و جەستەییەوە ناکرێت بەڵام بەڵگەیەکی زۆر هەیە کە دڵنیاماندەکاتەوە لەوەی کە خودا بوونی هەیە.

بیرێك لە بوونی گەردون بکەرەوە. ئەوەی کە بمانەوێت بڵێین کە گەردون دەرئەنجامی ڕێکەوتێکە، پرسیارێکی زۆر دەخاتەڕوو کە وەڵامێک بۆ هیچ کامێکیان لەبەردەستدا نیە. هەمان شت لەبارەی تیۆری "بینگ بەنگ"یش هەر ڕاستە. بۆ نموونە، کەرەستە خاوە سەرەتاییەکان لە کوێوە هاتوون؟ تەنانەت "بینگ بەنگ"یش ناتوانێت شتێک لە هیچەوە بێنێتەبوون! ڕوانگەیەکی تریش بوونی هەیە بە ناوی "پەرەسەندن" کە ئەویش هەر بەو ڕادەیە لاوازە. چۆن "هیچ شتێك" دەتوانێ ببێت بە "شتێک" و گەشەبکات؟ جا با لە شکڵە سەرسووڕهێنەر و ئاڵۆزەکانی ژیانی سەر زەویش بگەڕێین کە خۆی باسێکی ترە![2]

تیۆرییەکانی تریش هەر بە هەمان ڕادە لاوازن. تەنیا شیکردنەوەی دڵنیاکەرەوە ئەمەیە: *لە سەرەتادا خودا ئاسمان و زەویی بەدیهێنا.* ئەو جیهانەی ئێمە ئەنجامی ڕێکەوت و ڕووداوێکی لەناکاو نیە کە توخمگەلێکی تێدا بێت کە "بەردەوام لەوێ بوونیان هەبووە". بەڵکو، *گەردوون بە فەرمایشتی خودا بەدیهێنراوە، تەنانەت ئەوەی دەیبینین لەو شتانەی کە بینراوە نەهاتووە.* خوڵقاندن سەرەتایەکی هەبووە، هەر خوداش هێناویەتەبوون. *چونکە کە فەرمووی، پەیدا بوو، فەرمانی دا، بوو.*

وە ئەمەش بەو ڕێکخستنی و سیستمە سەرسوڕهێنەرەی کە ئێمە لە هەموو شوێنێک دەیبینین و هەروەها لەگەڵ ئەو یاسا گەردونیانەی کە هەموو شتێکی بە شوەیەکی سیستیماتیکی ڕێکخستووە، هەر لە بەربڵاویی ژینگەی دەرەوەی زەوی بگرە تا بوونەوەرە وردە میکرۆسکۆپییەکان. بەڵام بۆ ئەو گەڵاڵەیە و ئەو یاسایە دەبێت داڕێژەر و یاسادانەرێک بوونی هەبێت کە خودا هەردووکی ئەو دەور و ئەرکانەی لە ئەستۆیە! *ئەو خودایەی کە جیهان و هەموو شتەکانی ناوی دروستکردووە، پەروەردگاری ئاسمان و زەوییە.*

بەڵام بەهێزترین "بەڵگەی ئەفراندن"، خودی مرۆڤ خۆیەتی. مرۆڤ بەپێچەوانەی سەرجەم بوونەوەرە زیندووەکانی تر، شتێکی هەیە کە پێی دەگوترێت "کەسایەتی". مرۆڤ بە هۆشەوە هەڵدەبژێرێت، ویژدانی هەیە و دەتوانێت باش و خراپ لە یەکتری جیابکاتەوە. مرۆڤ توانایی خۆشەویستی و میهرەبانی هەیە. لە هەمووی گرنگتر، مرۆڤ غەریزە و سروشتی

---

[1]. سەرجەم ڕستە لارکراوەکان (جیا لە ناوئاخنی پەرتووکەکە) لە پەرتووکی پیرۆز وەرگیراون و لە لاپەڕی کۆتایی ڕیزکراون.
[2].ئەوە بابەتێکی گرنگ و ئاڵۆزە و لێرەدا ناکرێ باسی بکەین، ئەگەر کێشەیەکتان لەمەڕ گەشە هەیە، پەرتووکی گەشە، ڕاستی یان خەیاڵ کە جان بلانکارد نووسیویەتی، بخوێننەوە.

خوداپەرستی هەیە. ئایا مرۆڤ ئەو تایبەتمەندییانەی لە کوێوە هێناوە؟ نە ڕێکەوت و نە ڕووداوێکی لەناکاو و نە پەرەسەندن ناتوانن ئەو تایبەتمەندییانە بەرهەمبهێنن. ڕوونترین وەڵام ئەوەیە کە: *جا [3] یەزدانی پەروەردگار پیاوی لە خۆڵی زەوی پێکهێنا و هەناسەی ژیانی فووکردە کونە لووتی. بەمەش پیاوەکە بووە گیانێکی زیندوو.* مرۆڤ بەڕێکەوت و لە پڕێکەوە نەهاتۆتەدی بەڵکوو لەلایەن خولقێنەرێکی ئەم گەردونە سەیروسەمەرەیەوە هێنراوەتەبوون.

## ئایا خوا قسەدەکات؟

ئەوە پرسیارێکی زۆر گرنگە. ئێمە بەتەواوی لەبارەی خوداوە هیچ نازانین. *ئایا قووڵاییەکانی خۆمان دۆزیوەتەوە؟ یان ئایا دەتوانین بگەین بە ناخی خودای توانای بێ ڕکەبەر؟* خودا لەسەرو بیر و هزری ئێمەیە و ئێمە پێویستیمان بەوە کە خۆی بۆ ئێمە دەربخات.




ئەفراندن یەکێک لەو ڕێگا سەرەکییانەیە کە خودا خۆی بۆ ئێمە دەردەخات. *ئاسمان باسی شکۆی خودا دەکات، گەردوون کارەکانی دەستی ڕادەگەیەنێت.* گەورەیی قەبارەی گەردوون و هاوسەنگیە سەرسوڕهێنەرەکەی، هەمەچەشنی و جووانیەکەی، شتگەلێکی زۆر لەسەر خودا دەردەخەن کە خولێنەریەتی. خودا لە ئەفراندندا هێزی سەرسوڕهێنەری خۆی، ژیری بڵند و خەیاڵی نایابی خۆی دەردەخات. *لەبەر ئەوەی سیفەتە نەبینراوەکانی خودا، توانا هەتاهەتایی و خودایەتییەکەی لە بەدیهێنانی جیهانەوە بەهۆی دروستکراوان درکیان پێ کراوە و بە ڕوونی بینراون، بۆیە بێ بیانوون.*

ئێمە لە پەیوەندیکرن بەیەکەوە تا ڕادەیەکی زۆر پشتبە ووشەکان دەبەستین. خوداش لە ڕێگای وشەکانەوە لەگەڵ مرۆڤەکان دەدوێت، واتا لە ڕێگای پەرتووکی پیرۆزەوە. ئێمە نزیک بە ٤٠٠٠ جاران تەنیا لە کتێبی پەیمانی کۆن٣ (٥٠٠ جار لە ٥ پەرتووکی یەکەمدا) ڕستەگەلێکی وەک "خودا قسەیکرد،" "خودا ئەمری فەرموو" و "خودا گوتی" دەدۆزنەوە. بە هۆی ئەوەشەوە وتراوە کە *چونکە هەرگیز پێشبینی بە خواستی مرۆڤ نەهاتووە، بەڵکو ڕۆحی پیرۆز ڕابەرایەتی مرۆڤەکانی کردووە، بۆ ئەوەی پەیامی خودا ڕابگەیەنن.*

لە هیچ ئەدەبیاتێکدا تۆماری ئەوە نادۆزرێتەوە کە مرۆڤ پێشبینی ڕون و ئاشکرای کردبێت سەبارەت بە بانگەشەی ئەوەی کە لە خوداوە قسەی کردبێت و دواتر ڕاستیەکەی سەلماندبێت. هەر شیکردنەوەیەکی بێماناش بەوەی کە ئەمانە بە ڕێکەوت ڕویدابێت، شتێکی بێنرخە.

بابەتێکی تر، کاریگەری پەرتووکی پیرۆزە لەسەر ژیانی خەڵک. هیچ پەرتووکێک بەو ئەندازەیە هێزی گۆڕینی ژیانی نەبووە. ملیۆنەها کەس، لە ماوەی هەزاران ساڵدا، بە ئەزموونی تاکەکەسیی خۆیان بۆیان سەلماوە کە شەریعەتی خودا کامڵە و گیان دەبووژێنێتەوە. *فێرکردنی یەزدان تەواوە، دەروون دەبووژێنێتەوە. ڕاسپاردەی یەزدان پاکە، چاو ڕۆشن دەکات.*

دوای ٢٠٠٠ ساڵ، هیچ پسپۆڕێک لە هیچ بوارێکدا نەیتوانیوە تەنانەت یەک ڕستە لە پەرتووکی پیرۆز بەتاڵبکاتەوە. هۆکارەکەشی ئەوەیە: *هەموو نووسراوە پیرۆزەکان لە سروشی خودان.* لەبەر ئەوە دەبێت وەك گوتەی خودا نەك هی مرۆڤ وەریانبگرین، بەڵکو هەر وەك ئەوەی کە هەیە، کە ووشەی خودان.

---

[3] لە وەرگێرداروی هەزارەی نوێ لە جیاتی وشەی خوا، وشەی یەهوە هاتووە کە بۆ تێگەیشتنی ساناتر وامان بە باش زانی وشەی خوا لەم نامیلکەیەدا بەکار بێنین.

(٣ ئەگەر پرسیاری جددیت هەن لەسەر پەرتوکی پیرۆز، ئەوا بڕوانە کتێبی *هیچ شتێك بەڵكو تەنها ڕاستی Nothing but the Truth* لە لایەن Brian Edwards, Evangelical Press ).



# خودا چۆنە؟

بەدڵنیاییەوە ئەمە پرسیاری دواترە کە دەبێت لەگەڵی ڕووبەڕوو ببینەوە. پشتڕاستکردنەوەی ئەو بابەتە کە خودا هەیە، شتێکە و پشتڕاستکردنەوەی ئەو لەو واتایەدا کە خودا لەگەڵ ئێمە لە ڕێگای ئەفراندنەوە و وە لە ڕێگای لاپەڕەکانی پەرتووکی پیرۆزەوە قسەمان لەگەڵ دەکات، شتێکی ترە. بەڵام ئێمە پێویستیمان بە زانینی زیاترە. بەڕاستی خودا چۆنە؟ پەرتووکی پیرۆز وەڵامی بەپێز و ڕوون بەو پرسیارەمان دەداتەوە. بەشێک لەو وەڵامانە لێرەدا دەخەینە بەرچاو.

لەبەر ئەمە بێ بڕانەوە سوپاسی خودا دەکەین، چونکە پەیامی خوداتان وەك پەیامی مرۆڤ لە ئێمە وەرنەگرت، بەڵکو وەك بەڕاستی وشەی خودا بێت، لە ڕاستیشدا هەر بەو جۆرەیە، ئەوەی لەناو ئێوەی باوەڕداریشدا کار دەکات

**خودا کەسیە**

خودا "شتێك" یان هێز یان کاریگەریەك نیە. ئەو بیردەکاتەوە، هەستدەکات، هەندێک ویستی هەیە و بە شێوەیەک کرداردەکات کە ئەو وەک هەبوونێکی زیندو وە کەسی پیشاندەدات. بەڵام ئەو وەک "سوپێرمان" یان "کەسێك لەسەرەوە"یە. *یەزدان پەروەردگاری ڕاستییە، ئەو خودای زیندوو و پاشای هەتاهەتاییە.*

**خوا تاک و تەنیایە**

تەنیا یەک خودای ڕاستەقینە بوونی هەیە، ئەو دەڵێ: *من سەرەتا و من کۆتاییم، لە من بەولاوە هیچ خودایەك نییە.* *بەو حاڵەشەوە خۆی بە شێوەی "تەسلیس" لە سێ کەسدا ئاشکراکردووە، واتا باوک، کوڕ (عیسای مەسیح) و ڕوحی پیرۆز،* کە هەرکامیان لە ڕاستیدا بە تەواوی و بە یەکڕادە خودان. پەرتووکی پیرۆز باس لە مەزنایەتی خودای کوڕ دەکات. دەڵێ *عیسای مەسیح خاوەن شکۆیە، بۆ شکۆی خودای باوك.* لە هەمان کاتدا کە تەنیا یەک خودا بوونی هەیە بەڵام لە خودابوون و شکۆی ئەودا سێ کەس بوونی هەیە.

**خوا ڕوحه**

ئەو ڕەهەندی فیزیکی نیە. ئەو جەستەی نیە و هیچ تایبەتمەندییەکی ئەوتۆی نیە کە بتوانرێ لە قەوارە و شکڵدا پێناسەی بکەین. خودا ڕوحە. *هەمو ئەوانەی پێشوازییان لێکرد، ئەوانەی باوەڕیان بە ناوی هێنا، مافی پێدان ببنە ڕۆڵەی خودا.* ئەوە بەو واتایەیە کە خودا نابینرێت. *هەرگیز کەس خودای نەبینیوە، بەڵام کوڕە تاقانەی خودا، ئەوەی لە ئامێزی باوکدایە، خودای دەرخست.* هەروەها، بەو واتایەیە کە خودا لە یەک کاتدا لە یەک شوێندا نامێنێتەوە و سنووردار ناکرێت بەڵکوو هەمیشە و لە هەموو شوێنێک بوونی هەیە. خودا دەفەرموێ *کەس هەیە لە پەناگا خۆی بشارێتەوە و من نەیبینم؟ ئایا من ئاسمان و زەوی پڕناکەمەوە؟ ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.* جیا لە هەر بابەتێکی تر، ئە و ئایەتە بەو واتایەیە کە خودا بەتەواوی ئاگای لە هەر ڕووداوێکە کە لە هەر شوێنێکی جیهان ڕودەدات. ئەوە نەک هەر سەرجەم کار و قسەکانی ئێوە دەگرێتەوە بەڵکوو بیر و هزری ناو مێشکیشتان دەگرێتەوە.

**خودا هەتاهەتاییە**

خودا هیچ سەرەتایەکی نیە، هەروەک لە پەرتووکی پیرۆزدا هاتووە، *بەر لەوەی چیاکان پەیدا ببن، یان زەوی و جیهان دروستببن، لە ئەزەلەوە و بۆ هەتاهەتایە، تۆ خودایت.* هیچ کاتێک نەبووە کە خودا بوونی نەبووبێ چ لە ڕابوردوودا و چ لە داهاتووشدا. خودا خۆی وەک ئەوەی کە هەیە و بووە و هەر دەبێت دەناسێنێت. ئەو بۆ هەتاهەتایە هەر ئەوەیە: *من ئەلف و یێم، ئەوەی هەیە و هەبووە و دێت، هەرە بە توانا. من یەزدانم، ناگۆڕێم.*

**خودا سەربەخۆیە**

هەر بوونەوەری دیکە بە مرۆڤ، شتەکانی تر و لە ئەنجامدا بە خوداوە بەستراوەتەوە، بەڵام خودا بەتەواوی لە ئەفرێنراوەکانی خۆی سەربەخۆیە. ئەو دەتوانێت خۆی بە تەنیایی بمێنێتەوە. *بە دەستی مرۆڤ خزمەت ناکرێت وەك ئەوەی پێویستی بە شتێك بێت، چونکە ئەو خۆی ژیان و هەناسە و هەموو شتێك بە هەمووان دەبەخشێت.*

**خودا پیرۆزە**

خودا سەرانسەر گەورەیی و ئەفرێنەر و بەدیهێنەری سەرسوڕهێنەرەکەنا. هیچ شتێک ناتواندرێ لەگەڵ پیرۆزی خودا بەراوردبکرێت . کەس نییە پیرۆز وەك یەزدان کە بەڕەهایی بێبەریە لە هەڵە و بێخەوشە.



پەرتووکی پیرۆز لەمەڕ خوداوە دەڵێت: *چاوەکانت لەوە پاکترن تەماشای خراپە بکەن.* وە ئەم خودا پیرۆزە داوای پیرۆزی لە هەریەکێك لە ئێمەدەکات. ئەمڕۆ فەرمانەکانی ئەو بۆ ئێمە ئەوەیە: *پیرۆزبن*، چونکە *من پیرۆزم.*

**خوا دادپەروەرە**

پەرتووکی پیرۆز پێمان دەڵێت کە *یەزدان خودای دادپەروەرییە*: وە هەروەها *ڕاستودروستی و دادپەروەری بنچینەی تەختی ئەوە.* خودا نەتەنیا ئەفرێنەر و ڕاگری ئێمەیە، بەڵکوو دادوەری ئێمەشە و لە کاتی خۆیدا پاداشتمان دەداتەوە یان سزامانەدەدات. دادوەریی ئەو هاوسەنگە لەگەڵ دادپەروەری خودادا و ئەو دادوەریە تەواو بێ هەڵە و بێخەوشە و مایەی هیچ بەهانەیەك و تانەلێگرتن نیە.

**خودا کامڵ\ پێرفێکتە**

زانینی ئەو ڕەها و تەواوە. *بەدیهێنراو نییە لەبەرچاوی خودا شاردراوە بێت، بەڵکو هەموو شتێك ڕووت و ئاشکرایە لەبەرچاوی خودا کە هەر یەکێك لە ئێمە دەبێت حیسابی خۆی بخاتە بەردەستی.* خوا لە هەموو شتێک لە ڕابردو، ئێستا و داهاتوو ئاگادارە، هەم لە بیر و هزر و هەم قسە و هەم کارەکانمان. زانایی ئەو کامڵە و بەتەواوی لەسەرو تێگەیشتنی ئێمەدایە. *ئای لە قووڵی دەوڵەمەندی و دانایی و زانیاری خودا!* حوکمەکانی *لە سەرووی تێگەیشتنەوەیە و ڕێگاکانی لە سەرووی وردبوونەوەیە.*

**خودا سەروەرە**

خودا تاکە دەسەڵاتداری باڵای ئەم جیهانەیە و هیچ شتێک لەدەرەوی کۆنترۆڵی ئەودا نیە. *یەزدان هەرچی پێ خۆشبێت دەیکات، لە ئاسمان و لەسەر زەوی.* هیچ شتێک بۆ خودا ڕێکەوت یان چاوەڕواننەکراو نیە. ئەو تەواوی مێژووی جیهان دەنوسێت و *هەموو شتێك بەگوێرەی مەبەست و ویستی خۆی بەڕێوەدەبات.* خودا بۆ هەر کارێک کە دەیکات، پێویستی بە ڕاوێژ یان ڕەزامەندی وەرگرتن نیە. هیچ کەسیش ناتوانێ پێش بە ئەنجامدانی ئەو کارە بگرێت کە خودا خواستی لەسەرە:

*کەس نییە دەستی بگرێت یان پێی بڵێت، چی دەکەیت؟*

**خودا دەستەڵاتی بێسنورە**

ئەو بەتەواوی بەتوانایە. ئەو دەڵێت، *من یەزدانم، خودای هەموو ئادەمیزاد، ئایا هیچ شتێك هەیە بۆ من قورس بێت؟* ئەوە بەو واتایە نیە کە خودا دەتوانێت هەر کارێک بکات (ئەو ناتوانێت درۆ بکات، بگۆڕێت، هەڵە بکات، تاوانبکات یان نکوڵی لە خۆیبکات) بەڵکوو ئەو کارانە دەکات کە لەگەڵ کەسایەتی ئەو دەگونجێت.

ئەوانە تەنیا وێنەیەکی بچووک لەو شتانەیە کە لەمەڕ چیەتی و کەسایەتیی خۆی لە پەرتووکی پیرۆزدا خستوونیەتەڕو. ڕاستیگەلێکی تریش لەمەڕ خودا لە پەرتووکی پیرۆزدا هەیە (ئێمە لە لاپەڕەی ٢٢دا باس لە یەکێک لەو ڕاستییانە دەکەین). هەڵبەت زۆر شت لەمەڕ خوداوە هەیە کە ئێمە ناتوانین لێیان تێبگەین، *ئەو کردارگەلی مەزن و بەدەر لە لێکۆڵینەوە دەکات و شتگەلێکی سەیری لەئەژماربەدەر دەکات.* لەو ڕووەوە ئێمە ناتوانین ئەو ببینینەوە و هیچ هۆش و مەنتقێکی مرۆڤئاسا ناتوانێت ئەو ڕاستییە بگۆڕێت. ئەو بابەتە نابێت ئێمە تووشی سەرسووڕمان بکات. ئەگەر بمانتوانیبا لە خودا تێبگەین ئەو کات ئەو مایەی پەرستن نەدەبوو.



**من کێم؟**

گوشار و کێشەکانی ژیانی هاوچەرخ، خەڵکانێکی زۆری ناچارکردووە تا هەوڵەدایانە بەدوای واتا و ئامانج لە ژیاندا بگەڕێن، ئێمە لەمەڕ ئەوەی کە خودا کێیە، کۆمەڵێك سەرنجمان لێکداوەتەوە. بەڵام ئەی سەبارەت بە خۆمان چی؟ ئێمە بۆ هەین؟ بۆچی لێرەین؟ ئایا ژیانی مرۆڤ مانا یان ئامانجێکی هەیە؟

یەکەم پرس کە دەبێ ڕوونی بکەینەوە ئەوەیە کە مرۆڤ تەنها "بوونی هەیە". مرۆڤ شتێک زیاترە لە کەڵکەڵەبوونی بەڕێکەوتی گەردیلەکانە کە لە تەنیشت یەکتری داندراون و کۆیەک بە ناوی "مرۆڤ" پێکدێنن. پەرتووکی پیرۆز پێمان دەڵێت کە *خودا مرۆڤی لەسەر وێنەی خۆی بەدیهێنا، لەسەر وێنەی خودی خۆی بەدیهێنا*، بە نێر و مێ بەدیهێنان. مرۆڤ زیاترە لە ئاژەڵێکی زۆر گەشەسەندوو یان مەیموونێکی پەرەسەندو. ئەو لە ئەفرێندراو و بوونەوەرەکانی تر جیاوازە هەروەک ئاژەڵەکان لە گیا و گیا لە کانزاکان جیاوازن. لە ڕووی قەوارەوە، دەبێت بڵێین مرۆڤ لە بەراوردکردن لەگەڵ خۆر، مانگ و ئەستێرەکان، زۆر گچکەیە بەڵام خودا شوێنێکی یەکجار تایبەتی و بەرزی لە ناو ئەفرێندراوەکان پێبەخشیوە.

دەتوانین ئەوە لە یەکێک لە یەکەمین فەرمانەکانی خودا بۆ مرۆڤ ببینین: *دەسەڵاتدار بن بەسەر ماسی دەریا و باڵندەی ئاسمان و بەسەر هەموو بوونەوەرێکی زیندوودا کە لەسەر زەوی دەجوڵێتەوە.* مرۆڤ نوێنەری تایبەتیی خودا لەسەر زەویە و بەو هێزەوە، دەسەڵاتداری لەسەر سەرجەم بوونەوەرە زیندووەکانی سەر زەوی دەکات.

بەڵام پلە و پایەیەکی تایبەتیش دراوە بە مرۆڤ. خوڵقاندنی "بە شێوەی خودا" بەو واتایە نیە کە مرۆڤ بە ڕادە و شێوەی خودا خوڵقێندراوە (هەر وەک بینیمان خودا "قەوارە" یان "شکڵ"ـی نیە) و بەو واتایەش نیە کە مرۆڤ بچووک کراوەی خودایە کە تەواوی تایبەتمەندییەکانی خودای لە قەوارەیەکی بچووکتردا هەبێت. بەڵکو بەو واتایەیە کە مرۆڤ بوونەوەرێکی ڕوحانی، ئەقڵانی، ئەخلاقی و لەناونەچوو خوڵقێندراوە کە سرووشتی ئەو کامڵ و بێخەوشە. بە واتایەکی تر، ئەو دەرخەری ڕاستەقینەی کەسایەتیی پیرۆزی خودایە.

سەرەڕای ئەوە، مرۆڤ ویستوویەتی کە بەردەوام و بە خۆشییەوە ڕێرەوی لە فەرمانەکانی خودا بکات و لە ئەنجامدا لە هاڕمۆنیەکی تەواودا لەگەڵ خودا ژیاوە. هەر بۆیەش، مرۆڤ هیچ "قەیرانێکی کەسایەتی" نەبووە. ئەو ڕێک دەیزانی کە چ کەسێکە و بۆچی لەو دونیایە بوونی هەیە و بە گوێڕایەڵی تەواو لە شوێنێک کە خودا پێیدابوو دەژیا.

مرۆڤ نەتەنیا لە پێگەی خۆی لەو جیهانە بەتەواوی ڕازی و دڵخۆش بوو، بەڵکوو خوداش لە مرۆڤ ڕازی بوو! ئێمە ئەوە دەزانین چونکە پەرتوکی پیرۆز پێمان دەڵێت کە سەردەمانێک کە کاری ئەفراندن لەلایەن خوداوە، *خودا بینی هەموو ئەوەی کە دروستی کردبوو زۆر باش بوو.* لەو چرکەساتەی مێژوودا، کەسانێکی کامڵ و تەواو لە ژینگەیەکی بێخەوش و لە پەیوەندییەکی بێخەوش لەگەڵ یەکتریدا و لە هاڕمۆنیەکەی تەواو لەگەڵ خودا دەژیان.

ئەمەش بەهیچ چۆرێك هەلومەرجی ئەمڕۆ نیە!

**چ هەڵەیەك ڕویداوە؟**



وەڵامی بێ پێچ و پەنا بۆ ئەو پرسیارە ئەوەیە: *چۆن لە ڕێگەی مرۆڤێکەوە گوناە هاتە جیهان، لە ڕێگەی گوناهیشەوە مردن.*

خوا ئازادیەکی زۆری بۆ یەکەم ژن و پیاو (ئادەم و حەوا) فەراهەمکردبوو بەڵام بە توندیش ئاگاداری کردبوونەوە کە: *بەڵام بۆت نییە لە درەختی زانینی چاکە و خراپە بخۆیت، چونکە لەو ڕۆژەی لێی بخۆیت بێگومان دەمریت.*

ئەو تاقیکردنەوە ئایدیاڵە بۆ لە مەحەکدانی ویستی مرۆڤ بۆ گوێڕایەڵی لە فەرمانی خودا بوو، تەنیا بە هۆی ئەوەی کە خودا ئەوەی گوتبوو. بەڵام شەیتان، دڵەخورپەی خستە دڵی حەواوە تا بڕوا بە فەرمانی خودا نەکات و ڕێڕەوی لێنەکات و وە حەواش ئەو کارەی کرد. *کاتێك ئافرەتەکە بینی بەری دارەکە بۆ خواردن باش بوو، چاو ئارەزووی دەکرد و وات لێ دەکات دانا بێت، لە بەرەکەی کردەوە و خواردی، دایە مێردەکەشی کە لەگەڵی بوو، ئەویش خواردی*

لەو کاتەوە "گوناە هاتە ناو جیهان". مرۆڤ بە گوێڕایەڵی نەکردنێکی بەئانقەست خۆی لە خودا جیاکردەوە. ئادەم و حەوا لەبری خۆشویستنی خودا، لەو ترسان: *ئەوانیش لەنێو درەختەکانی باخچەکە خۆیان لە یەزدانی پەروەردگاریان شاردەوە.* لەبری هەبوونی متمانە و خۆشی، تاوان، ئەوانی شەرمەزارکرد، تاوانبار و ترسنۆکیکردن.

خودا وتبووی کە ئەگەر مرۆڤ گوێڕایەڵی نەکات، دەمرێ و هەر واشی لێهات. مەرگ بە واتای دابڕانە و لە چرکەساتێکی ترسێنەردا مرۆڤ لە خودا جیابۆوە. ئەو لە ڕوی ڕوحیەوە مرد. مرۆڤ لە ڕووی جەستەییەوە وردەوردە مرد و ئێستا ڕوحێکی مردوو و جەستەیەکی مردەڵۆکی هەیە. بەڵام ئەوە هەر هەموو چیرۆکەکە نیە: منداڵەکانی ئادەم و حەوا، سروشتێکی پیس و تایبەتمەندیی تاوانبارانەیان بە میراتوەرگرت، *بەم شێوەیە مردن هەموو خەڵکی گرتەوە، لەبەر ئەوەی هەموو گوناهیان کرد.*

لەو کات بەدواوە، ژەهری گوناه، وەک پیسایی لە سەرچاوەی ڕووبارێکەوە، خزیە ناو بەرەی مرۆڤ و بەو شێوەیە مەرگ، *داوێنی هەر هەموو مرۆڤەکانی گرت*، چونکە هەر *هەموویان تاوانیان کرد، لەبەر ئەوەی هەمویان تاوانیان کرد و لە شکۆی خودا کەوتن.*

سەرنجبدەنە وشەی گرنگی "هە رهەموویان" کە بە ڕوونی نووسەر و خوێنەری ئەو پەرتووکەش دەگرێتەوە. ئێمە لەوانەیە هیچ کاتێک لەسەر زەوی یەکتری نەبینین بەڵام هەر هەموومان یەک تایبەتمەندیی هاوبەشمان هەیە: ئێمە گوناهبارین و بەرەولای مەرگ دەڕۆین. *ئەگەر بڵێین لە گوناه بەدوورین، خۆمان هەڵخەڵەتاندووە و ڕاستگۆییمان تێدا بەدیناکرێت.* ئەگەر بانگەشەی ئەوە بکەین کە نامرین، زۆر نەزانین. گوێنەدان بە ڕاستییەکان، هیچ گۆرانکارییەک لە ئێمەدا پێکناهێنێت.

زۆرێک لە باس و بابەتەکانی تەلەفزیۆن، ڕادیۆ و ڕۆژنامەکانی ئەمڕۆ، ئەو ڕاستییەمان بیردەخەنەوە کە جیهان ئاڵۆزە. مەحکوومکردنی توندوتیژی، نادادپەروەری، تاوانەکان و تێکدانی ڕێکوپێکی ئاسانە، بەڵام بەرلەوەی کە خەڵکانی تر مەحکوومبکەن لە خۆتان بپرسن کە ئایا کامڵ و بێ هەڵەن و ژیانی ئێوە جێگای ڕەزامەندیی خودای پیرۆزە؟ ئایا بە تەواوی ڕاستگۆ، پاک، دڵفراوان و خۆنەویستن؟ خودا وەڵامی ئەو پرسیارانە دەزانێت و ئێوەش دەیانزانن! **چونکە هەموو** *لایەک گوناهیان کردوە و لە گەورەیی و مەزنایەتیی خودا دابەزیون.*

ئێوە وەك گوناهبار لە دایکبوون، سرووشت، کردەوە و هەڵبژاردنی ئێوەش هەر وابووە و پێویستیەکی بەردەوام هەیە تا لەگەڵ ڕاستییەکان و لێکەوتەکانی بەرەوڕوو ببن.



**ئایا گوناه جیدیە؟**

کاتێک کە بۆ یەکەم جار بە نەخۆشیەک چارەسەردەکرێت، گرنگترین شت ئەوەیە کە بپرسین، "ئایا جیدیی و مەترسیدارە؟". پرسینی ئەو پرسیارە لەمەڕ نەخۆشیە ڕوحیەکان واتا سەبارەت بە گوناه زۆر گرنگترە. زۆرێک لە خەڵک بە ڕەزامەندییەوە دانیپێدادەنێن کە گوناهبارن، چونکە نازانن واتاکەی چیە. ئەوان گوناه بە "سرووشتی مرۆڤ" دەزانن یان لە پشت ئەو ڕاستییەوە دەیشارنەوە کە "هەموو کەسێک گوناهدەکات". بەڵام ئەو قسانە لاڕێ بوون لەو پرسە سەرەکییەیە کە: ئایا گوناه جیدییە؟ لە درێژەدا دەبینین کە پەرتووکی پیرۆز لەبارەی ئێوە وەک گوناهبار، چی دەڵێت.

**ئێوە پێگەی خۆتان لە دەستداوە:** ئەوە بەو واتایە نیە کە ئێوە تا ئەو جێگایەی کە دەکرێ و دەشێت خراپن یان بەردەوام هەموو چەشنە تاوانێک ئەنجامدەدەن. هەروەک بەو واتایەش نیە کە ناتوانن چاکە و خراپە لێکجودابکەنەوە یان ناتوانن

کاری شیاو و جێگای ڕەزامەندی ئەنجامبدەن. بەڵکو بەو واتایەیە کە گوناه خزاوەتە ناو هەموو بەشێکی سرووشت و کەسایەتیی ئێوەوە (مێشک، ورە، هەستەکان، ویژدان، سروشت و هزرەکانتان).
*دڵ لە هەموو شتێک زیاتر فریودەرە و نەخۆشتر.* بناغەی کێشەی ئێوە، کارەکانتان نیە، بنچینەی کێشە، سروشتی ئێوەیە**!** ئێوە گوناهدەکەن چونکە گوناهکارن.

**ئێوە گەندەڵبوون:** پەرتووکی پیرۆز زۆر بە دڵنیاییەوە دەڵێت: چونکە *ئەوانەن ئەو شتانەی کە لە ناخ و دڵی مرۆڤەوە دێنەدەر: هزری پیس، داوێنپیسی، دزی، مرۆڤکوژی، زینا، چاوتێبرین، خراپەخوازی، فێڵ، ئیرەیی بردن، تۆمەت بۆهەڵبەستن و نەزانی.* سەرنجبدەن کە ئەمانە هزرەکان، وتەکان و کردەوەکان لە خۆدەگرێت. ئەو بابەتە گرنگە بۆماندەردەخات کە لەلای خودا سەرجەم تاوانەکان بە یەکڕادە جیددین. بەشێک لە خەڵک تاوان بە شتێکی وەک کوشتن، زینا، دزی و شتی ئەو تۆ سنووردەکەن بەڵام پەرتووکی پیرۆز ڕوونیدەکاتەوە کە ئێمە مافی ئەوەمان نیە کە هەروا بە سادەیی لە تاوان بڕوانین، تاوان واتا هەر شتێک کە بەپێی ستانداردە تەواوەکانی خودا نەبێت. هەر شتێک کە دەیڵێین، بیریلێدەکەینەوە یان ئەنجامیدەدەین، ئەگەر بێت و لە ستانداردەکانی خودا نزمتر و کەمتر بێت، گوناهە. ئێستا وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە: کێیە کە دەتوانێت بڵێت: *"من دڵی خۆم پاککردۆتەوە، من لە تاوانەکانی خۆم پاکبوومەوە؟"* ئەگەر ناتوانن وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە، کەواتە تێوەگلاو و گەندەڵن.



**ئێوە سەرەڕۆن:** پەرتووکی پیرۆز فێرماندەکات کە تاوان *لەڕاستیدا دژایەتی کردنە لەگەڵ شەریعەت* و سەرەڕۆبوونە لە هەمبەر هێز و یاسای خودا. هیچ یاسایەکی سڤیل ئێوە ناچارناکات تا دۆربکەن، فڵبکەن یان تاوانبکەن. ئێوە خۆتان بڕیاردەدەن تاوانبکەن. ئێوە هەڵدەبژێرن کە شەریعەتی خودا بشکێنن. ئێوە بەئەنقەست پەیڕەوی لە خودا ناکەن و ئەوەش زۆر جیددیە. *خودا دادوەرێکی دادپەروەرە، خودایەک کە هەموو ڕۆژ تووڕە دەبێت.* دەتوانن دڵنیا بن کە تەنانەت یەک تاوانیش بێ سزا نامێنێتەوە.
بەشێکی بچووک لە سزاکانی خودا بۆ تاوانەکانی مرۆڤ لەو جیهانە بەڕێوەناچێت (هەرچەند لەوانەشە ئەوە پشتڕاست نەکەینەوە). بەڵام سزای کۆتایی، لەدوای مەرگ بەرۆکی مرۆڤ دەگرێت، ئەو کاتە کە لە ڕۆژی دادوەریدا *هەر کام لە ئێمە حیسابی خۆی لە بەرانبەر خودا دەداتەوە.*



**من لەم جیهانەوە بۆ کوێ دەچم؟**
خەیاڵ و بۆچوونیکی زۆر هەیە لەسەر ئەوەی کە دوای مەرگمان چی ڕوودەدات. هەندێک دەڵین هەموومان لە ناودەچین، هەندێک دەڵێن هەموومان دەچینە بەهەشت. هەندێکی تریش بڕوایان بە شوێنێکە کە تێیدا ڕوحە تاوانبارەکان بۆ چوون بۆ بەهەشت ئامادەدەکرێن بەڵام لە هیچ شوێنێکی پەرتووکی پیرۆزدا ئەو بڕوا و بۆچوونانە، پشتڕاستنەکراونەتەوە.
لە بەرانبەردا، دەخوێنینەوە: *وەك بۆ مرۆڤ دانراوە جارێك بمرێت، دواتر لێپرسینەوەیە.* کەسانێک کە پەیوەندییەکی ڕاست و دروستییان لەگەڵ خودا هەیە، دەچنە بەهەشت تا بە نەمری لە خزمەت خودای خاوەن شکۆدا بمێننەوە. سزای ئەوانی تر، *لەناوچوونی هەمیشەیی و بەدوور لە بوونی خودا و بەدوور لە شکۆی هێزی ئەو دەبێت.* باوترین وشەیەک کە لە پەرتووکی پیرۆزدا لەمبارەوە کەڵکی لیوەرگیراوە "دۆزەخ"ە. چوار ڕاستی گرنگ لەمەڕ جەهەننەم بوونی هەیە.

**دۆزەخ ڕاستیەکە**
دۆزەخ شتێک نیە کە "کڵێسا دایهێنابێت". پەرتووکی پیرۆز، زیاتر لەمەڕ دۆزەخەوە دەدوێت تا سەبارەت بە ڕاستیی هەبوونی دۆزەخ و بەهەشت هیچ گومانێک نەهێڵێتەوە. هەروەها، سەبارەت بە *سزاگەیاندن لە دۆزەخ و ئەو کەسانەی کە دەخرێنە* دۆزەخەوە دەدوێت و قسەدەکات.

**دۆزەخ ترسهێنەر و تۆقێنەرە**
دۆزەخ لە پەرتووکی پیرۆزدا بە چەمکگەلێکی وەک *ئازار، سۆبەی ئاگر، ئاگردانی هەمیشەیی و ئاگرێکی هەرگیز خامۆشنەکراو*، خراوەتەبەر باس. ئەوێ شوێنی ئازاردان، گریان و ددان لە ددان سوونە کە نە *لە شەودا و نە لە ڕۆژدا خامۆش نابێت*. ئەو چەمکانە ترسێنەرن بەڵام بوونیان هەیە. کەسانێک کە لە دۆزەخدان لە هەر شتێکی باش دوور دەخرێنەوە و دەکەونە بەر نەفرەتی خودا. ئەوان لە بچووکترین یارمەتی یان ئاسایشێک لە هەبوونی خودا لەگەڵ خۆی دێنێت، بێبەشدەبن.
**جەهەننەم کۆتایی ڕێگایە**
سەرجەم ئەو ڕێگایانەی کە بەرەو دۆزەخ دەڕۆن، یەک لایەنەن. هیچ ڕێگایەکی دەربازبوون بوونی نیە. لە نێوان دۆزەخ و بەهەشت *هەڵدێرێکی مەزن* هەیە. دڵەڕاوکێ، تەنیایی و ئازاری دۆزەخ بۆ پاککردنەوە نیە بەڵکوو بۆ سزادانە، ئەویش بۆ هەتاهەتایە.

**بوونی جەهەننەم دادوەرانەیە**

پەرتووکی پیرۆز پێمان دەڵێت کە *خودا بە شێوەیەکی دادپەروەرانە دادوەری لەسەر جیهان دەکات* و ئەو لە ناردنی گوناهبارەکان بۆ دۆزەخ بەتەواوی دادپەروەرە. سەرەڕای ئەوەش، ئەو شتێک دەدات بە ئەوان کە خۆیان هەڵیانبژاردووە. ئەوان لەو جیهانە خودایان ڕەتکردەوە و خودا ئەوان لە ڕۆژی دادوەریدا ڕەتدەکاتەوە. ئەوان بە هەڵبژاردنی خۆیان، ژیانێکی ناپاکیان هەبووە و خودا هەڵبژاردنەکەیانی بۆ هەتاهەتایە چەسپاندووە. ناتوانین خودا بە نادادپەروەری تاوانباربکەین!

لەژێر سێبەری ئەو ڕاستیە ترسهێنەرەدا، دەبێ بە سەرنجەوە بیر لە پرسیارێک کە خەڵک لە سەردەمی نوێدا دەپرسرێت، بکەینەوە: *چۆن چۆنی لە سزادانی* دۆزەخ *ڕادەکەن؟*

**ئایا ئاین یارمەتیدەدات؟**



مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی ئاینی ناسراوە. فەرهەنگی ئایینی و ئەخلاق، سەدان ڕێگای ڕیزکردووە کە مرۆڤەکان لە ڕێگای ئەوانەوە هەوڵیانداوە هەست و پێداویستییە ئایینییەکانی خۆیان جێبەجێبکەن. ئەوان هەتاو، مانگ و ئەستێرەکان، زەوی، ئاگر و ئاو، بۆتە بەردینە و ئاسن و دارینەکان، ماسیەکان، باڵندەکان و ئاژەڵەکانیان دەپەرەست. ئەوان خوداوەندەکان و ڕوحە لەڕادەبەدەرەکانیان دەپەرەست کە ئەنجامی بیرۆکە لاڕێیەکانی خۆیان بوو. مرۆڤەکانی تریش هەوڵیانداوە تا خودایەکی ڕاستی لە ڕێگای شێوەگەلی جیاجیای وەک قوربانیدان، بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی ئایینیەوە بپەرەستن، بەڵام "ئایین" هەرچەندەش کە بێخەوش و بێ ڕیا بێت، هیچ کات ناتوانێ کێشەی گوناهی مرۆڤ چارەسەربکات، لانیکەم بە سێ هۆکار:

**ئاین هیچ کات ناتوانێت خودا ڕازیبکات**

ئاین هەوڵی مرۆڤە بۆ باشبوون لەلای خودا بەڵام هەر چەشنە هەوڵێک دەگات بە شکست چونکە تەنانەت باشترین هەوڵەکان، پڕن لە هەڵە و کەموکوڕی و لای خودا پەسەندنین. پەرتووکی پیرۆز زۆر بە ڕوونی باسی ئەوە دەکات کە *هەموو وەك شتی گڵاومان لێ هات، تاوانەکانمان وەك با هەڵماندەگرێت*. خودا دەیەوێت مرۆڤ بگات بە کەماڵ و ئاین ناتوانێ ئەو ویستەی خودا بەجێبهێنێت.

**ئاین هیچ کات ناتوانێت تاوان بسڕێتەوە**

داوێنپاکی ئێوە هیچ کات ناتوانێ گەندەڵیی ئێوە لە ناوببات. کردەوە باشەکان ناتوانن کردەوە خراپەکان بسڕنەوە. ئەگەر کەسێک لە لای خودا دادپەروەر بێت *بە کردار نییە، تاکو کەس شانازی نەکات*. هیچ هەوڵێکی ئاینی یان ئەزموونی (ڕێوڕەسمی ناولێنان و تەعمید، عیشای ڕەبانی، چوون بۆ کڵێسا، پاڕانەوە، دیاریدان، قوربانیکردنی کات و هەوڵ، خوێندنەوەی پەرتووکی پیرۆز و هەر شتێکی تر) ناتوانێت تەنانەت یەک تاوانیش بسڕێتەوە.

**ئاین هیچ کات ناتوانێت سروشتی گوناهباری مرۆڤ بگۆڕێت**

کردەوەی مرۆڤ، بنچینەی کێشە نیە بەڵکوو نیشانەی نەخۆشیەکەیە. کێشەی سەرەکیی مرۆڤ، دڵی مرۆڤە و دڵی مرۆڤیش لە بنەڕەتەوە گەندەڵ و پیسە. چوون بۆ کڵێسا و بەشداریکردن لە ڕێوڕەسمی ئایینیدا، لەوانەیە هەستێکی باشتان بداتێ بەڵام ناتوانێ ئێوە باشبکات. کێیە کە *لە شتێکی گڵاو، شتێکی پاک بێنێتە دەر؟ هیچ کەس!*

ئاشکرایە کە بەشێک لە چالاکییە ئایینیەکان کە ئاماژەیان پێکرا، "باش"ن. بۆ نموونە، چوون بۆ کڵێسا، خوێندنەوەی پەرتووکی پیرۆز و پاڕانەوە باشن، چونکە خودا پێماندەڵێت کە ئەو کارانە ئەنجامبدەین. بەڵام بۆ ئەوەی کە لای خودا،

دادپەروەربن، نابێت تەنیا خۆتان بەو کارانە خەریکبکەن، چونکە نە تەنیا ئەوان ئەو هێزەیان نیە ئێوە دادپەروەر بکەن، بەڵکوو پشتبەستن بەوان، تاوانەکانتان زیاددەکات و ئێوە مەحکوومدەکات.

### ئایا وەڵامێك\ ڕێگاچارەیەک هەیە؟



بەڵێ هەیە! و خودا بۆی دەستەبەرکردووین. پەیامی سەرەکیی پەرتووکی پرۆز لەو ڕستەیەدا کورتدەبێتەوە: *لەبەر ئەوەی خودا ئەوەندە جیهانی خۆشویست، تەنانەت کوڕە تاقانەکەی بەختکرد، تاکو هەرکەسێك باوەڕی پێ بهێنێت لەناو نەچێت، بەڵکو ژیانی هەتاهەتایی هەبێت*. پێشتر بینیمان کە خوای دادپەروەر و پیرۆز دەبێت سزای گوناە بدات، بەڵام لەلایەکی ترەوە، پەرتووکی پیرۆز بە ئێمە دەڵێت کە *خودا* خۆشەویستیە. ئەو لە هەمان کاتدا کە دژی گوناهە بەڵام گوناهبارانی خۆشدەوێت و دەیەوێت لێیانببوورێت. بەڵام چۆن دەکرێت بە شێوەیەکی دادپەروەرانە، تاوانبا ببووردرێت لە کاتێکدا کە شەریعەتی خودا مەرگی ڕوحانی و جەستەیی ئەو داوادەکات؟ تەنیا خودا دەیتوانی ئەو کێشەیە چارەسەر بکات و ئەو کارەی لە ڕێگای عیسا مەسیحەوە ئەنجامدا. *باوك کوڕی خۆی ناردووە بۆ ئەوەی ببێتە ڕزگارکەری جیهان*.

خودای کوڕ بە وەرگرتنی سروشتی مرۆڤانە، بوو بە مرۆڤ. هەرچەند، عیسای مەسیح بەتەواوی بوو بە مرۆڤ، بەڵام ئەو بەتەواوی وەك خودا مایەوە. پەرتووکی پیرۆز دەڵێت *خودا بە هەموو پڕی خۆی لە جەستەی مەسیح نیشتەجێ بووە*. ئەو بە ڕادەی خودای تەواو و کەماڵ بوو، وەک ئەوەی نە بۆتە مرۆڤ و بە ڕادەیەکیش ببوو بە مرۆڤی کامڵ وەک ئەوەی خودا نەبووە. هەر بۆیەش، عیسای مەسیح بەتەواوی کەسێکی هەڵاوێرد بوو و وە پەرتووکی پیرۆزیش ئەمە بە چەند شێوەی جیاواز دەسەلمێنێت. لەدایکبوونی ئەو تایبەت بوو. ئەو باوکێکی مرۆفئاسای نەبوو بەڵام بە هێزی ڕوحی پیرۆز لە منداڵدانی کچیکی پاکیزەدا هاتەبوون. قسەکانی تەواو تایبەت بوون: لە فێرکردنەکەی سەرسام بوون، چونکە وتەکانی بە دەسەڵاتەوە بوو. موعجزەکانیشی یەکجار تایبەت بە خۆی بوون: *هەرچی نەخۆشی و هەرچی نەساغی هەبوو چاکی دەکردنەوە*. تەنانەت چەندین جاران مردووی زیندوو کردەوە. کەسایەتیی ئەو تەواو تایبەت بە خۆی بوو: *سەرۆك کاهینێکمان هەیە کە وەکو ئێمە لە هەموو شتێك تاقی کراوەتەوە، بەڵام بێ گوناە دەرچوو*. کەواتە خوای باوک توانی لەمەڕ ئەوەوە بڵێ، "*ئەمە کوڕی خۆشەویستمە، ئەوەی زۆر پێی دڵشادم*".
سەرنجبدەنە ڕستەی کۆتای! ئەوە بەو واتایەیە کە عیسای مەسیح وەک مرۆڤێک شەریعەتی خودای لە هەمو ڕوویەکەوە پەیڕەویکرد و هەر بۆیەش نەخرایەبەر سزای تاوان کە مەرگی چەند قاتە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو کەوتە ژێر بوختان، دەستبەسەر کرا و بە بەڵگەی ناڕاست مەحکوومکرا و لە ئەنجامدا لە ئورشەلیم لە خاچدرا. بەڵام مەرگی ئەو، ڕووداوێکی "سەیروسەمەرە" یان ڕوداوێکی ئەوتۆ نەبوو کە پێشبینیینەگیرێت. *ئەمە بەگوێرەی خواستی بڕیارلەسەردراو و زانینی پێشووی خودا بوو*. باوک، کوڕەکەی خۆی بە ئامانجی سزادانی گوناهەکان لە سەر زەوی نارد و عیسای مەسیحیش بە ویستی خۆی هات. بە گێڕانەوە لە وتەکانی خودی مەسیح، ئەو هاتە سەر زەوی *تا ژیانی خۆی بەخت بکات بۆ کڕینەوەی خەڵکێکی زۆر*. مەرگی ئەو وەک ژیانی، یەکجار تایبەتی و هەڵکەوتە بوو.
کەواتە یەکجار گرنگە کە درک بەوە بکەین کە چرکەساتی مەرگی مەسیح چی ڕویدا و مەرگ بۆ زۆرێک لە ئێوە دەشێت چ واتایەکی هەبێت.



**بۆچی خاچ؟**

سەرجەم بابەتەکانی پەرتووکی پیرۆز ئاماژەیان بە مەرگی عیسا داوە. چەختخستنەسەر پەیامی ئینجیل ژیانی بێ خەوشی عیسا نیە، هەروەها باس لە پەروەردە و پەیامە سەرنجراکێشەکانی و موعجیزە و هێزەکەشی نیە. تەواوی ئەوانە گرنگن بەڵام گرنگتر لە هەمووی ئەوەیە کە عیسای مەسیح هاتە سەر ئەم جیهانە تا گیانی خۆی بدات.

بۆ مەرگی ئەو بەو ڕادەیە گرنگە؟ وەڵام لێرەیە کە ئەو وەک جێگرەوەی ئێمە، هەڵگری تاوان و وەک ڕزگاریدەرێک مرد.

**عیسا جێگرەوەی ئێمە**

ئەو بابەتە دەرخەری دلۆڤانیی خودایە. تاوانبارەکان لە هەمبەر شەریعەتی پیرۆزی خودا، تاوانبار، ڕێ لێونبوو و داماون، شەریعەتێک کە سزادان بۆ سەرجەم تاوانەکان بە پێویست دەزانێت. ئەوان چۆن دەتوانن لە ڕقی پیرۆزی خودا ڕابکەن؟ پەرتووکی پیرۆز، ئەو وڵامەمان دەداتەوە: *بەڵام خودا خۆشەویستی خۆی بۆ دەرخستین، بەوەی مەسیح لە پێناوی ئێمەدا مرد، کاتێك هێشتا گوناهبار بووین.* خوای کوڕ وەک بەشێک لە نەخشەی سەرسوورهێنەری ڕزگاری، خۆبەخشانە هات تا لەبری تاوانباران، سزای دادپەروەرانەی تاوانەکانیان بدات. *لەبەر ئەوەی مەسیح تەنها جارێك لەبەر گوناە ئازار درا، بێتاوان لە پێناوی تاوانباران، تاکو لە خودامان نزیك بکاتەوە. خەڵك مەسیحیان کوشت بەڵام خودا بە ڕۆح زیندووی کردەوە.*

**عیسا هەڵگری تاوان**

ئەوە دەرخەری پیرۆز بوون و پاکیی خوایە. لە مەرگی عیسای مەسیحدا هیچ "ساختەکاری"یەک بوونی نەبوو. سزای تاوانەکانی خەڵکی تر بە هۆی مەرگی کوڕی بێ تاوانی خودا بە تەواوی درا. کاتێک کە لەسەر خاچ بوو هاواریکرد: "*خودای من، خودای من، بۆ وازت لێ هێنام؟*

لەو کاتە ترسناکەدا، خودای باوک ڕووی لە کوڕە خۆشەویستەکەی وەرگێڕا و عیسای مەسیح، سزای جیایی لە خوای خستە سەرشانی خۆی. سەرنجبدەن کە ئەو بابەتە چۆن پیرۆزی و پاکبوونی ڕەهای خودا دەردەخات. تەواوی تاوانبارەکان دەبێت سزابدرێن و کاتێک کە عیسای مەسیح جێگای تاوانبارەکانی گرتەوە، بەرپرسیارێتی تاوانەکانیانی لەئەستۆگرت، هەروەک بڵێی ئەو وەڵامدەرەوەی ئەوان بووە. پیاوێک کە ژیانێکی بێگەرد و خەوشی هەبوو، مەرگێکی چەند قاتی وەک سزای تاوانەکانی ئێمەی ئەزموونکرد.

**عیسای ڕزگاریهێن**
به گوێرەی ڕوحی پیرۆز و به هێزی هەستانەوەی لەنێو مردووان عیسای مەسیحی خاوەن شکۆمان به کوڕی خودا دیاری کرا. ئەو دوای چەشتنی ئازار، خۆی بەوان نیشاندا و به هۆکارگەلێکی زۆر، دەزانین مەسیح کە لەنێو مردوواندا هەستێنرایەوە، نامرێتەوە. ئیتر مردن دەسەڵاتی بەسەریدا نییە. خودا لە ڕابوونەوەی مەسیح لە ناو مردووەکان، بە هێزەوە دەریخست کە مەرگی ئەوی لەبری تاوانبارەکان وەک سزای تەواوی تاوانەکان وەرگرتووە و وەک بناغەیەک بۆ پێدانی لێبووردنی تەواو بۆ تاکەکانی دانا کە جیا لەوەی کە تاوانبار بوون بەوەی کە تا هەتاهەتایە لە دۆزەخدابن.

**بەڵام ئەوانە چۆن ئێوەش لە خۆ دەگرێ و دەتانگرێتەوە؟**
**چۆن دەتوانن لای خودا خۆپارێزبن؟**
**چۆن مەسیح دەتوانێت ڕزگاریدەری ئێوەش بێت؟**

**چۆن دەتوانین ڕزگاربیبن؟**



بەو بابەتانەی کە تا ئێستا خوێندتانەوە، ئایا بەڕاستی دەتانەوێت ڕزگاربن؟ ئایا دەتانەوێت لە لای خودا بەشکۆبن؟ بەهەر نرخێک و لێکەوتەیەک؟ ئەگەر ئەو بڕیارەتان نەداوە، لە گرنگی ئەو لاپەڕانەتان درکپێنەکردووە کە خوێندتانەوە.
هەربۆیەش دەبێت سەرلەنوێ و بە سەرنجەوە بیانخوێننەوە و لە خودا داوابکەن تا ڕاستییتان بۆ بخاتەڕوو.
ئەگەر خودا ویستەکەتانی بۆ خستبنەڕوو و بتانەوێ ڕزگاربن، *کەواتە دەبێ بە تۆبەوە بگەڕێنەوە لای خودا و بڕوا به خودای ئێمە و عیسای مەسیح بێنن.*

**دەبێ تۆبەبکەن**
ئەوە بە واتای گۆڕانی تەواو لەمەڕ تاوانە، مێشکی ئێوە دەبێت بگۆڕدرێت. دەبێت قەبوولێبکەن کە تاوانبارن و بە دژی خودای دلۆڤانی و پیرۆز، هەڵچوون. دڵی ئێوە دەبێت بگۆڕدرێت (خەم و شەرمێکی ڕاستی بە هۆی پیس بوون و تێوەگلان لە گەندەڵیی تاوانەکانتان). کەواتە دەبێت بە حەزی خۆیان ئەوە وەلابنێن و ڕێگای ژیانتان بگۆڕن. خودا لە خەڵکی دەدوێت کە *کردەوەی شیاوی تۆبەیان هەبێت*. ئێوە دەبێت ئاوا بکەن، خودا لە تاوانێک کە *حەزتان بە وەلانانی نەبێت، خۆش نابێت*. تۆبە واتا چوون بەرەو ڕێگایەکی نوێ. واتا لە ناخی دڵەوە بتانەوێت چەشنێک بژین کە خودا دڵخۆش و ڕازیبکەن.

**دەبێت بڕواتان بە مەسیح هەبێت**
بەر لە هەر شتێک، بڕواهێنان بە مەسیح بەو واتایەیە کە قەبوولێبکەن، *تۆ مەسیحیت، کوڕی خودای زیندووی، کاتێك هێشتا لاواز بووین،* مەسیح لە کاتی دیاریکراودا لە پێناو گوناهباران مرد. **دوهەم:** لەمەوەش دەتوانێت ئەوانە بە تەواوی ڕزگاربکات کە لە ڕێگەی ئەوەوە دەچنە لای خودا، *ئەو هەمیشە دەژیێت تاکو داکۆکییان لێ بکات*.
سێهەم: بەو واتایەیە کە بۆ شیاوبوونی پەیوەندیتان لەگەڵ خودا و خۆشەویستبوون لای ئەو، بڕوای خۆتان تەنیا لەسەر ئەو دابمەزرێنن و پشت بەو ببەستن. خۆ پێزۆر بوون و سروشتی تاوانبارانەی ئێوە لە هەمبەر ئەوەی کە بتانەوێت پشت بە دلۆڤانی یان ئایینی خۆتان ببەستن، بەربەرەکانی دەکات. بەو حاڵەشەوە ئێوە ڕێگاچارەیەکی ترتان نیە، دەبێت دەست لە بڕواکردن بە هەر شتێک هەڵبگرن و تەنیا متمانە بە مەسیح بکەن، *ئەگەر بە دەمت دانت پێدا نا کە عیسا پەروەردگارە و بە دڵ باوەڕت کرد کە خودا لەناو مردووان هەڵیستاندەوە، ڕزگار دەبیت.*
ئەگەر خوا پێویستییەکەتانی بۆ ئێوە خستۆتە ڕوو و ئەو حەزەی بە ئێوە بەخشیوە، کەواتە بۆ لای مەسیح بگەڕێنەوە و ئەو کارە هەر ئێستا بکەن! باشە کە بە دەنگی بەرز بپاڕێنەوە، ئەوە یارمەتیتان دەدا کە لەمەڕ ئەو کارە کە هەتانە ڕوونبن. دانپیدابنێن کە تاوانبار، ڕێگا ونبوو و داماون و بەتەواوی هێزەوە داوا لە مەسیح بکەن کە ئێوە ڕزگاربکات و ببێت بە

خودای ژیانتان و ئەو هێزەتان پێ ببەخشێت تا لە تاوانەکانتان بگەڕێنەوە و بۆ ئەو بژین. پەرتووکی پیرۆز دەڵێت، *هەرکەسێك بە ناوی یەزدانەوە بپاڕێتەوە ڕزگاری دەبێت.*
ئەگەر بەڕاستی برواتان بە عیسا مەسیح وەک ڕزگاریدەری خۆتان هەبێت و ئەو وەک خودا قەبووڵبکەی، دەتوانیت ئەو بەڵێنیانەش داوابکەی کە هی تۆن.

**ئێستا کام ڕێگا هەڵدەبژێرن؟**



ئەگەر ئێستا خەریکن پشت بە عیسای مەسیح دەبەستن، شتگەلێکی زۆر هەیە کە بتوانن بە هۆیەوە شادبن. بۆ نموونە، ئێوە لە ئێستادا لە پەیوەندی لەگەڵ خوادان. پەرتووکی پیرۆز ئەوەی ناو ناوە "پاکبوونەوە لای خودا" و دەڵێت، *کەواتە، لەبەر ئەوەی بە باوەڕ بێتاوان کراوین، لە ڕێگەی عیسای مەسیحی گەورەمانەوە لەگەڵ خودا ئاشتیمان هەیە.* لەڕێگای عیسای مەسیحەوە، بە تاوانەکانتان ڕاگەیشتراوە" *لەگەڵ ئەوەشدا هەموو ئەوانەی پێشوازییان لێکرد، ئەوانەی باوەڕیان بە ناوی هێنا، مافی پێدان ببنە ڕۆڵەی خودا*: تەواوی ئەو کەسانەی کە پشت بە مەسیح دەبەستن، *ئەو مافەیان پێ دەدرێت کە ببنە منداڵی خوا.* ئێوە بۆ هەتاهەتایە لە ئاسایشدان: *کەواتە ئێستا تاوانبارکردن بۆ ئەوانە نییە کە لەگەڵ عیسای مەسیحدا یەکن.*
خودا لە خودی ڕوحولقودوس دا هاتۆتە ناو ژیانی ئێوەوە: *ئەگەر ڕۆحی ئەوەی عیسای لەنێو مردووان هەستاندەوە لە ئێوەدا نیشتەجێ بێت.*
ئێستا ئێوە دەبێت لە ژیانی ڕوحانیی نوێی خۆتاندا، گەشەبکەن، ئاماژە بە دوو خاڵ دەکەین کە دەبێ سەرنجی تەواویان بدەنێ.

**پاڕانەوە:** ئێستا ئێوە دەتوانن لەگەڵ باوکی خۆتان قسەبکەن، ئەوە کارێکە کە لە ڕابردوودا نەتاندەتوانی ئەنجامیبدەن. ئێوە دەتوانن بە هۆی گەورەیی، هێز، قودوس بوون و دلۆڤانیی خودا، لێیبپاڕێنەوە و بیپەرستن، ئێوە دەتوانن هەموو ڕۆژ، داوای لێبووردنی لێبکەن تەنانەت کەسانێک کە دەبنە منداڵی خوداش هەر تەواو و کامڵ نین، *ئەگەر دانمان بە گوناهەکانماندا نا، ئەوا خودا دڵسۆز و دادپەروەرە، تەنانەت لە گوناهەکانمان خۆشدەبێت و لە هەموو ناڕەواییەك پاکمان دەکاتەوە.*
دەتوانن هەموو ڕۆژ، بە هۆی شتە باش و جوانەکانی خوداوە، سوپاسیبکەن، شتگەلێکی زۆر هەیە کە دەتوانن بە هۆی ئەوانەوە سوپاسی خودابکەن، بۆ نموونە بە هۆی ڕزق و بەروبومی ڕۆژانەی ژیان کە بە سانایی، ئەوان بە مافی بێ ئەملاوئەولای خۆتان دەزانن. بەڵام گرنگتر لە هەموو شتێک، ئەوەیە کە بە هۆی ڕزگاریتان، وەرگیرانتان لە بنەماڵەی خودا و بەدەستهێنانی ژیانی هەتاهەتایی، سوپاسی ئەو بکەن. نابێت وا بیربکەنەوە کە ئەنجامدانی ئەو کارە، دژوارە! ئێوە دەتوانن بۆ ژیانی خۆتان و خەڵکانی تر، داوای یارمەتی، هێز و ڕێنمایی لەو بکەن. بەتایبەتی بۆ کەسانێک بپاڕێنەوە کە لە خودا بەدوورن، هەروەک ئێوە ڕۆژێک لە خودا بەدووربوون.
**خوێندنەوەی پەرتووکی پیرۆز:** ئێوە لە کاتی پاڕانەوە، قسە لەگەڵ خودا دەکەن، خودا لە ڕێگای پەرتووکی پیرۆزەوە، قسە لەگەڵ ئێوە دەکات. کەواتە زۆر گرنگە کە هەموو ڕۆژێک بیخوێننەوە و هەڵیبسەنگێنن *هەروەها بزانن کە چی جێگەی ڕەزامەندی مەسیحی خاوەن شکۆیە.* هەروەک ئەو کارە دەکەن، داوای لێبکەن تا ئێوە بەهێز بکت بۆ ئەوەی واتای خودا درکپێکەن و لە ڕێنماییەکانی ئەو ڕێڕەوی بکەن *وەك ساوای تازە لەدایك بوو، ئارەزووتان لە شیری ڕۆحی پاك بێت، تاکو بەمە بۆ ڕزگاری گەشە بکەن.* ئەگەر لە سەرەتای خوێندنەوەی پەرتووکی پیرۆزدا، پێویستیتان بە یارمەتییە داوابکەن تا بەرگێکی بەلاشی پەرتووکێک کە لە لاپەڕەی ٣١ دا هاتووە، بۆتان بنێردرێ.

**بەشداری کردن:** ئێستا کە بوون بە ئەندامی بنەماڵەی خودا، خودا داوا لە ئێوە دەکات کە بە بەردەوامی لەگەڵ برایان و خوشکانی خۆتاندا کۆببنەوە. *با واز لە کۆبوونەوەکانمان نەهێنین، وەك هەندێك لەسەری ڕاهاتوون، بەڵکو یەکتری هانبدەین، بە تایبەتی کە دەبینن ڕۆژی هاتنەوەی مەسیح نزیك دەبێتەوە.* ئەوە بەو واتایەیە کە لەگەڵ کڵێسای ناوچەیی

(لۆکاڵی) بەیەکتری بگەن. کەواتە دڵنیابن کە ئەو کارە لە زووترین کاتدا بکەن. هەڵبژاردنی کڵێسای شیاو، هەمیشە کارێکی ساکار نیە، ئێوە پێویستیتان هەیە بەوەی کە کڵێسایەکی گونجاو هەڵبژێرن کە بڕوای بەو ڕاستیانە هەبێت کە لە پەرتووکی پیرۆزدا هاتووە و ئەوەتان فێربکات. کەسێک کە ئەو نامیلکەیە دەدات بە ئێوە دەتوانێت یارمەتیتانبدات. لە کڵێسای لۆکاڵدا، ئێوە لەمەڕ خودا شتگەلێکی فرەتر فێردەبن. کەڵک لە ئەزموونی خەڵکانی تر وەردەگرن و گرنگی فەرمانە تایبەتەکانی خودا لەمەڕ تەعمید (خاوێنبوونەوە) و عیشای ڕەبانی، فێردەبن. هەروەها ئەو خۆشییە کە لە دابەشکردنی دیاری و توانا خواپیداوەکانتان لەگەڵ خەڵک هەیە، دەدۆزنەوە. ئێمە پێویستیمان بە کڵسایە و کڵسا پێویستی بە ئێوە هەیە!

**خزمەتکردن:** ئێستا ئەوە شانازییەکە کە *خوداوەندی خۆت بە تەواوی بە دڵ و بە گیان بپەرستی.* دەبێت بەردەوام لەبیرمان بێت کە *خودا ئێمەی ڕزگارکردووە و بانگهێشتی ژیانی پیرۆزی کردووین.* پیرۆزبوون و پاکیی خودا لە ڕیزی یەکەمە: خواستی خودا ئەوەیە کە خاوێنبن. هەر بۆیەش، لە هەوڵی ئەوەدابن کە لە دیارییە تایبەتییەکانی خۆتان و تواناکانتان بۆ خزمەت بە خەڵک، کەڵکوەربگرن. لەبیرتان بێت کە *بەرهەمی دەستی خوداین و لە عیسای مەسیح خوڵقێندراوین تا کارگەلی شیاو بکەین.* لە کۆتاییدا، چاوتان لەو دەرفەتانە بێت کە دەتوانن بە خەڵکانی تر بڵێن *خودا چی لەگەڵ تۆ کردە و چی بۆ کردووی.* قسەکردن و دووان لەگەڵ خەڵکانی تر لەمەڕ عیسای مەسیح، نەتەنیا ئەرکی کەسی خاوەن بڕوایە، بەڵکوو ئەزموونێکی دڵخۆشکەر و خۆشە.
لە ئیستا بەدواوە، جۆرێک بژین کە هەر بەش لە ژیانی ئێوە، بتوانێت *باشییەکانی ئەو ڕابگەیێنێت کە ئێوەی لە تاریکییەوە بەرەو تیشکی سەرسووڕهێنەری خۆی بانگکردووە!.*




ئەگەر لە ڕێگای خوێندنەوەی ئەو پەرتووکەوە، بڕواتان بە مەسیح هێناوە و بۆ خوێندنەوەی ڕۆژانەی پەرتووکی پیرۆز، پێویستیتان بە یارمەتییە، داواتان لێدەکەین کە نامە بۆ بلنکارت بەو ناونیشانەی خوارەوە بنێرن، نامە بنووسن تا بەرگێکی بەلاش لە پەرتووک بخوێننەوە. (ناوە سەرەکییەکەی: Read, Mark, Learn) وەردەگرن. ئەو پەرتووکە، ڕێنماییەکی تاکەکەسی لەسەر پەرتووکی پیرۆز بە پێی ئینجیلی مەرقەسە.

John Blanchard, c/o Evangelical Press, Faverdale North, Darlington,
DL3 0PH, England

**ئەمەی خوارەوە لیستی ئەو ئایەتانەی پەرتووکی پیرۆزە کە لەو نامیلکەیەدا بەکارهاتوون:**

**کەس لەوێ هەیە؟**
عیبرانیەکان ١١:٦
پەیدابوون ١:١
عیبرانیەکان ١١:٣
زەبورەکان ٣٣:٩
کردار ١٧:٢٤
پەیدابوون ٢:٧
زەبورەکان ١٣٩:١٤

**ئایا خودا قسەدەکات؟**
کار ١:٧
زەبورەکان ١٩:١
ڕۆما ١:٢٠
یەکەم پەترۆس ١:٢١
زەبورەکان ١٩:٧
دووەم تیمۆساوس ٣:١٦
یەکەم تیمۆساوس ٢:١٣

**خودا لەچی دەچێت؟**
یەرمیا ١٠:١٠
ئیشیا ٤٤:٦
فیلیپی ٢:١١
یۆحەنا ١:١
دووەم کۆرنسۆس ٣:١٨
یۆحەنا ٤:٢٤
یۆحەنا ١:١٨
یەرمیا ٢٣:٢٤
زەبورەکان ٩٠:٢
ئاشکراکردن ١:٨
مەلاخی ٣:٦
کردار ١٧:٢٥
ئەفەسوس ١٥:١١
یەکەم ساموئێل ٢:٢
حەبوقوق ١:١٣
یەکەم پەترۆس ١:١٦
ئیشییا ٣٠:١٨
زەبورەکان ٩٧:٢
عیبرانیەکان ٤:١٣
ڕۆما ١١:٣٣

زەبورەکان ٦:١٣٥
ئەفەسوس ١١:١
دانیال ٣٥:٤
یەرمیا ٢٧:٣٢
کار ٩:٥
کار ٢٣:٣٧

**من کێم؟**
پەیدابوون ٢٧:١
پەیدابوون ٢٨:١
پەیدابوون ٣١:١

**چی هەڵە ڕویداوە؟**
ڕۆما ١٢:٥
پەیدابوون ١٧:٢
پەیدابوون ٦:٣
پەیدابوون ٨:٣
ڕۆما ١٢:٤
یەکەم یۆحەنا ٨:١
ڕۆما ٢٣:٣

**ئایا گوناه جددیە؟**
یەرمیا ٩:١٧
میخا ٢١:٧
پەندەکان ٩:٢٠
یەکەم یۆحەنا ٤:٣
زەبورەکان ١١:٧
ڕۆما ١٢:١٤

**لەم جیهانەوە بۆکوێ دەچم؟**
عیبرانیەکان ٢٧:٩
دووەم تیمۆساوس ٩:١
مەتا ٣٣:٢٣
مەتا ٢٩:٥
لۆقا ٢٨:١٦
مەتا ٤٢:١٣
ئیشیا ١٤:٣٣
مەتا ١٢:٣
مەتا ١٣:٢٣
ئاشکراکردن ١١:١٤
لۆقا ١١:١٤

کردار ١٧:٣١

مەتا ٣٣:٢٣

**ئایا ئاین یارمەتیدەدات؟**

ویشیا ٦٤:٦

وەفەسوس ٢:٩

کار ١٤:٤

**ئایا وەڵامێك هەیە؟**

یۆحەنا ٣:١٦

یەکەم یۆحەنا ٤:٨

کۆلۆسی ٢:٩

لۆقا ٤:٣٢

مەتا ٤:٢٣

عیبرانیەکان ٤:١٥

مەتا ٣:١٧

کردار ٢:٢٣

مەتا ٢٠:٢٨

**بۆچی خاچ؟**

ڕۆما ٥:٨

یەکەم پەترۆس ٣:١٨

میخا ١٥:٣٤

ڕۆما ١:٤

کردار ١:٣

ڕۆما ٦:٩

**چۆن دەتوانم ڕزگارمبێت؟**

کردار ٢٠:٢١

کردار ٢٦:٢٠

مەتا ١٦:١٦

ڕۆما ٥:٦

عیبرانیەکان ٧:٢٥

ڕۆما ١٠:٩

ڕۆما ١٠:١٣

**چ ڕێگایەك؟**

ڕۆما ٥:١

کردار ١٠:٤٣

یۆحەنا ١:١٢

ڕۆما ٨:١

ڕۆما ١١:٨
یەکەم یۆحەنا ٩:١
وەفەسوس ١٠:٥
یەکەم پەترۆس ٢:٢
عیبرانیەکان ٢٥:١٠
دووەم تیمۆساوس ٩:١
یەکەم کۆرنسۆس ٣:٤
ئەفەسوس ١٠:٢
میخا ١٩:٥
یەکەم پەترۆس ٩:٢